# رۆژێک بۆ دایک

## یان بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد

ڤینۆس فایەق

ڕۆژنامەنووسی کوردی سەربەخۆ

دانیشتووی هۆڵەندا

هەر ئەو ڕۆژەی سایتی دەنگەکان ئەو ڕیپۆرتاژەی بڵاو کردەوە کە لە بۆنەی ڕۆژ دایکدا نووسیبووم بەڕێزێک بە ڕێگای ئیمایڵەوە وەبیری هێنامەوە کەوا پەرلەمانی کوردستان و هەرێمی کوردستان چەند ساڵێک لەمەوبەر ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی کردۆتە ڕۆژی دایک ، و دەڵێت وادیارە ئاگات لە هیچ نەماوە و دەتەوێت دەستپێشخەری بکەیت بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی دایک ، منیش دەڵێم پەرلەمانی کوردستانیش و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەڵەن لە بەستنەوەی ئەو دوویادە بەیەکەوە بۆیە من داوای ڕۆژێکی تایبەت دەکەم ، و بەڕێزم ئەوەی من داوام کردووە دەستپێشخەری نیە ، هیوای دڵی هەموو دایکێکی کوردە ، هەوەها ئیمایڵەکەی بە گەلێ قسە و خواسی تر قورس کردووە و باس لە فرمێسکەکانم دەکات بە خۆشی دەست بەکاربوونی مام جەلال لە پۆستی سەرەک کۆماردا و بەم شێوەیە دەڵێ: «بەڵام لەو ڕۆژەی کەوا فرمێسک لەچاوەکانت ڕژا بۆ مامی خۆشەویستمان و باوکی بەڕێزت هەروەک خۆت وا ناوت نا، هەڵوەستەیەکم کرد لەسەرت چونکە من وام دەزانی کە جەنابتان لە قالبی مرۆڤی ئاسایی دەرچوونە لەبەر ئەوەی جەنابت و چەندەها خاوەن قەلەمی وەک بەڕێزتان دەبێت پێشەنگی ئەو میللەتە بکەن کە بەداخەوە وا نەبوو، چونکە بەو دەربڕینەت لە کاتی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری لەلایەن مامە زۆر بەلاواز هاتیە بەرچاوم ئەوە نەبوویت کە من تێگەیشت بووم. هەمووومان هەستی خۆشی خۆمان بەرامبەر بەو ڕووداوە دەربڕی بەڵام ئەو دەربڕینی خۆشی لەو ساتەدا کە زۆر کەس هەیە کۆنترۆلی لەدەست خۆی نامێنێ بەڵام مرۆڤی خاوەن قەلەم، مرۆڤی ڕۆشنبیر ،مرۆڤی پێشەنگ هەڵبەتە زۆری جیاوازە لەگەڵ یەکێکی تری نەخوێندەوار یان کەسێکی سادەو ساویلکە کە دەچێتە سەر جادەو کۆڵانەکان بە شەرە پەڕۆ هەستی خۆشی خۆی دەردەبڕی، هەرچەند پاش ماوەیەکی کەم خۆشت وەک زۆربەی خەڵکی تری تێگەیشتوو بۆت دەرکەوت کە ئەم پۆستە چەند لە زەرەرو زیانی کوردە. ئەمرۆش دیسان بابەتێکت نووسیوە بەبۆنەی ڕۆژی دایک وا دەردەکەوێت کە جەنابت نازانی کەلە کوردستانیش ماوەی چەند ساڵێکە ئەم ڕۆژە بە

ڕەسمی ڕاگەیاندراوە لەلایەن پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کۆماری مەهاباد{کوردستان} بە ڕۆژی دایک دانرا لە کورستان . وادیارە ئاگات لە زۆر شت نەماوە سەرەڕای ئەوەش دەتەوێ دەستپێشخەری بکەی بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی دایک لە کوردستان))

هەتا ئێرە قسەی ئەو بەڕێزە بوو ، بە ڕاستی دەیڵێم نەمویست وەلامی بدەمەوە ، بەلام وەلامیم دایەوە لەبەر ئەوەی وام هەستکرد هەروەك لە کۆتایی نامەکەدا بۆم نووسیوە دەڵێم (ئەگەر خوێنەر وەکوو تۆ بن ، ئەوا کورد خوێنەری نیە) چونکە من هەروەك لە نووسینێکی پێشتردا لە وەلامی هەستیار هۆشمەنددا نووسیومە دەڵیم : لە هیچ کەس و کەسایەتی و حیزب و حکومەتێك ناترسم ، تەنها لە ویژدانی رۆژنامەوانی و ئینسانی خۆم نەبێت ، چونکە هیچ رابردوویەکم لەگەڵ هیچ حیزب و گرووپ و لایەنێك نیە شوکور بۆ خودا ، بۆیە کە دڵم بە دەستبەکاربوونی مام جەلال خۆش بوو تەنها لەبەر ئەوەبوو کوردە ، دەنا هیچی لەو حیزبانە گەورە و بچووکیان بە سەنتێکی سوور یان بەفلسێکی جاران ناکڕم .زۆرم حەز دەکرد ئەوانەی نمونەی ئەو بەڕێزەی ئەو ئیمایەلەی بۆ کردووم و هەستیار هۆشمەندیش وتارەکانی من بە چاویلکەیەکی زۆر جیاوازەوە بخوێننەوە ، تکام وایە رك و کینەیان بۆ خودی مام جەلال و یەکێتی و هیچ کام لەو حیزبانە بخەنە ئەولاوە کە وتارێك ئەخوێننەوە یان وەلام دەدەنەوە ، چونکە من ئۆباڵی هیچ لە کار و هەڵە و خوار و خێچی هیچ کام لەو حیزب و حکومەتانە لە ئەستۆی خۆمدا نابینمەوە و هەڵناگرم ، و من بەسەربەرزیەوە ئەیڵێم بەشان و باڵی هیچ کەسێکمدا هەڵنەداوە و هەڵیش نادەم ، تەنها پێڵاوە لاستیکە دڕاوەکەی شەهیدەکانی ڕێگای رزگاری کوردستان نەبێت ، بەلام ئەوەی نووسیم دەربارەی دەستبەکاربوونی مام جەلال تەنها هەستی تایبەتی خۆم بوو وەك کوردێکی دڵسۆز کە دەبیستێتەوە کوردێك (ئەڵیم کوردێك هەر کەسێك بێت) بۆتە سەرەك کۆمار ، ئەگەر چی لە وتاری دووەممدا بەناوی (بەڵێ مام جەلال بۆتە سەرەك کۆماری وڵاتێکی عەرەبی) وتوومە: مەسەلەی ئەوەی شانازی بەوووەوە دەکەم یان نا ئەوە بابێکی ترە ، چونکە هەمیشە گوزارشتم لەوە کردووە کەوا هەرگیز من خۆم بە عیراقی دانەناوە ، هەرگیز شانازی بەوەوە ناکەم کە کوردێك ببێتە سەرەك کۆماری عیراق ، بەلام ئەو رۆژە کە گریام ، زۆر بە شەفافی

گوزارشتم لە ئازاری گەلەکەم کرد ، هەستم کرد بە لێکدانەوە سادە و ساکارەکانی خۆم بۆ سیاسەت کە ئەمە لەوانەیە سەرتای داوەکە بێت بۆ ئەوەی کورد هەنگاو بنێت بەرەو حکومەتی سەربەخۆی خۆی ، لەوانەیە ئەمە گڵۆپێک پێت لە ناو تاریکی هیواکانماندا داگیرسابێت جارێکی تر بۆ ئەوەی کورد هەنگاو بنێت و جەخت لە جیابوونەوە و دروستکردنی حکومەتی کوردی بکات ، سەیری کوردی باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا بکەن و سەیری خۆمان بکەن ، ئێمە هەنگاوی گەورە و مەزنمان ناوە ، کاتی ئەوە هاتووە رک و کینەکان ولانێین و دەستخەینە ناودەست یەک ، نەک توانج بگرین ، زۆرم حەز دەکرد ئەو نامانەی لە عەرەبە شۆڤێنیەکانەوە بۆم دێن بۆ یەک بەیەکتانی بنێرم تا بزانن چ عەرەب ، چ هەموو میللەتانی چوار دەوری کوردستان چەند رکیان لە کورد دەبێـەوە ، بەڵام بە هیچی ئەو نامانە خەمناخۆم ، بەهێندی ئەوەندەی بەنامەیەکی رەخنەئامێزی کوردێک خەم دەخۆم ، چونکە هەست ئەکەم ئەوانەش وەکوو عەرەبەکان ( بەجۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ خۆماندا شۆفێنین ) ..

هەروەها حەزدەکەم ئەو بەڕێزانە بشزانن من وەک ژنێکی کوردی نووسەر و رۆژنامەنووس بەتەنها خۆم لە هەموو کەناڵەکانی راگەیاندنی عەرەبی چ شەڕێک دەکەم و چ شەڕێکم پێدەفرۆشرێت ، و زۆر بە خۆشحاڵیەوە دەڵێم خۆم بەسەربەرز ئەزانم و هیچ کاتێکیش ئەخلاقی رۆژنامەوانی و ئینسانیم رێم پێنادەن جنێو بهۆنمەوە ، هەروەها خۆم لەسەر هیچ لایەنێک و حیزبێک حیساب نەکردووە و ناکەم دەنا ئیستا پلە و پایەم دەبوو یان لە بەغدا یان هەر نەبێت لەو حکومەت و پەرلەمانەی کوردستان کە رۆژی هەڵکردنی ئاڵای حکومەتی کوردستان لە مەهاباد و رۆژی دایکیان بەیەکەوە گریٚ داوە ، چونکە هەر ئەوانەی سەربە حیزب و لایەنەکانن ، یان ئەوانەی دوێنی جنێویان دەدا لە پلە و پایەکاندا ئیستا دەستبەکارن ، هەتا «سیاسیەکی» وەکو مەلا بەختیار پێیان بڵێت (بەهەلەکە سەما دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان)...

ئینجا دەگەڕێمەوە سەر رۆژی دایک ، وابزانم هەر بابەتێکی سیاسی یان فیکری باس و خواس و رەخنە هەڵدەگرێت ، بەڵام ئەو بەڕێزە نامەکەی نەزانیوە چۆن بهۆنێتەوە ، چۆن رکی خۆی بەرامبەر مام جەلال بخاتە ملی من یان چۆن بیسەلمێنێت من بە لاواز هاتمە بەرچاوی ، ئەمە هەر لەبەر ئەوەی ناوی مام جەلالم بە باوک برد؟ یان هەر لەبەر

ئەوەی تۆ ركت لە مام جەلالە؟ ، بەڕێزم نامە نووسین زۆر جیاواترە لە وتار نووسین ، من گەر توانج لە كەسێكیش بگرم ، ئەگەر مام جەلالیش بێت ، ئەگەر هەڵەی دنیاشی كردبێت ، هیچ كات ئەخلاقم ڕێم پێ نادات بە سووكەوە باسی لێوە بكەم ، ئەگەر ناویم بە باوك بردبێت ، ئەوە چ شتێك لەمەسەلە سەرەكیەكە ناگۆڕێت كە لە ناوەڕۆكی وتارەكەدا نووسیومە و ڕەخنەم لێگرتووە ، باسەكەی من لەسەر دەستبەكاربوونی وەفیق سامەرائی بووە ، ئەیبۆ كەس هەر لەخۆڕا نەهاتە زمان لەسەر ئەو دەستبەكاربوونەی ئەو تانبارە ؟ وەكوو ئێستا بە ركەوە هاتوونەتە زمان لە دەستبەكاربوونی مام جەلال لە پۆستی سەرەك كۆمار؟ كەئەوەش هەر مافی خۆتانە...

بەڕێزم بەلای منەوە (كە خۆم دایكم) ڕۆژی هەڵكردنی ئاڵای حكومەتی كوردستان لە مەهاباد بۆ من بەتایبەت ڕۆژێكی پیرۆز و بۆنەیەكی جیاوازە ، داواكردنی ڕۆژێكی تایبەت بە دایك لە كوردستاندا مەسەلەیكەی ئێجگار جیاوازە ، بە داخەوە نەك تۆ پەرلەمانی كوردستانیش لەو مەسەلەیە زۆر بە هەڵە تێگەیشتوون و زۆر هەڵەیە ئەو دوو بۆنەیە بەیەكەوە گرێ بدرێ ، چونكە كە وتت ڕۆژی دیایك ، ڕۆژی هەڵكردنی ئەو ئاڵا پیرۆزە دادەپۆشی ، هەروەها هەمان شت بە پێچەوانەشەوە ، لەبەر ئەوە ئەبێت هەریەك لەو دوو بۆنەیە بە جیا ڕۆژی تایبەتی خۆیان بۆ دەستنیشانكرێت ، دەنا ڕۆژی دایك لە كوێ و ڕۆژی هەڵكردنی چاڵای پیرۆزی حكومەتی كوردستان لە مەهاباد لە كوێ..

venusfaiq@yahoo.co.uk